


# چەندین ڕێنمایی بۆ بەستنی قژ

چەندین ڕێگە و ڕێنمایی بۆ بەستن و ڕێکخستنی قژ هەن، ئافرەتانیش تا ڕادەیەک شارەزان، بەڵام هەندێ لە ڕێنمایی هەن، کە سوودیان هەیە لە کاتی بەستنی قژ و ڕەنگە بەلای هەندێ کەسەوە ڕوون نەبن، لەم ڕێگایانەوە دەتوانیت سوود لە هەنگاوەکانی بەستنی قژ و ڕێگا و مۆدەکانیان وەربگریت:

- هەرگیز پرچت مەبەستە کاتێك قژت تەڕە، چونکە لەو کاتە قژ لەو پەڕی توندوتۆڵیدایە، کاتێك پرچیشت دەبەستی، ئیدی پاڵپستۆ لەسەر ڕەگی مووەکان زیاتر دەبێت و پرچت هەڵدەوەرێنێت.
- ئەگەر هەر پێویستت بوو پرچت ببەستی کاتێ کە تەڕە، دەتوانی تەڵەکان لە یەکتر جیا بکەیتەوە بە دەستەکانت، پاشان وەك لەفێك بە دەوری تەڵە مووەکانی دیکەی بخولێنەوە و بیبەستە.
- واچاکە دوای هەر بەستنێك، تەڵە پرچێك بهێڵیتەوە و لە دەوروبەری ئەو پارچە بەستراوەی کۆبکەیتەوە، واتە داو داوی جیا هەبێت و هەمووی بە یەکەوە مەبەستە.
- واچاکە بەشی دواوەی پرچت بەرەو پێشەوە بهێنیتەوە و پاشان لەگەڵ پرچی پێشەوەی سەر تێکەڵیان بکەیت و ببەستیت، تا بەشی دواوە ئەزیەتی پێنەگات و بکەوێت.
- ئەگەر ویستت ناسك و جوان و سەرنجڕاکێش بیت، پرچت بە لایەکی سەرتدا بدە و ئینجا بیبەستە، با ڕاستەوخۆ لە دواوەی پرچت نەبێت.
- باوترین مۆدەی پرچ بەستن، بریتییە لە شێوازی فەڕنسی، سەرەتا پرچت لوول بکە و پاشان بیبەستە، ئەو شێوازە پێدەگوترێت (بەنانی).

# ئامادەکاری بۆ گرنگیدان بە نینۆکەکانی پەنجە





نینۆکەکانت نموونەی جوانی و ناسکی دەستەکانتن، بە جۆرێك دەتوانیت هەر نینۆکێکت مۆدێکی باو و رازاوەی پەنجەکانت بێت، نینۆکەکان هەمیشە پێویستیان بە پەرەپێدان و گرنگیدانە، کە ئەوەش لە رێگەی چەند رێنمایی و شێوازەکانی گرنگیدان بە نینۆك بۆت دەردەکەون و تۆش سوود لە زانیاری و رێنماییەکانی پسپۆڕانی نینۆك بە :

- بەهۆی ئەوەی نینۆك ناسکە، بۆیە هەردەم پێویستی بە کرێمی تەڕکردن و نەرمکردنەوە هەیە، چونکە هەندێ جار نینۆك وشك دەبێ، ئیدی سانا دەبێ بۆ شکان، وابکە کە زوو زووە کرێم لە نینۆکەکانت بدەیت.

- ماوە ماوە حەمامی رۆن بۆ نینۆکت بکە، ئینجا چ لە رۆنی زەیتوون یان هەنگوین و شیر بەکاربهێنە، ئەگەر توانیت هەفتانە جارێك ئەو کارە بکەیت، ئەنجامەکەی دەبینی کە نینۆکەکانت چەندە توندوتۆڵ دەبن.

- کاتێك نینۆکەکانت جوان دەکەیت، ئامێری مەوڕەدەکە بە توندی لە نینۆکت مەدە، بە نەرمی و بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی بە، تا چواردەورەی نینۆکەکە تووشی برین و شکان نەبێت، واباشترە مەوڕەدەکە بە شێوەی راستە هێلێك لە نینۆکەت بدەیت.

- زۆربەی خانمان و کچان، کەرەستەی تیژ و ئاسن بەکاردەهێنن بۆ پاککردنەوەی ژێرەوەی نینۆکەکان، ئەوەیان هەنگاوێکی هەڵەیە، بۆیە باشترە لە رێگەی فڵچەوە ژێرەوەی نینۆکەکان پاك بکرێتەوە.

- ئەو کرێمانەی لادانی بۆیەی نینۆك بەکارمەهێنە کە رێژەی کەهول و ئەسیتۆنی تێدایە، کە زۆربەیان لەسەر قەپێلکی بۆیەکان نووسراوە، چونکە ئەو دوو ماددەیە نینۆکت بێهێز و نەرم دەکەن.

- دوور بکەوە لە کارکردن بە نینۆکەکانت، کە هەندێ جار لە کاروباری ماڵەوە پێویستت بە نینۆکەکانت دەبێ، بەڵام وا چاکە ئاگاداریان بیت و تەنیا بۆ کاری نەرم و ئاسان بەکاریان بهێنیت.

- ماوە ماوە جۆری بۆیەکەت بگۆڕە، بەتایبەت ئەگەر زانیت بۆیەکەت دەبێتە هۆی نەرمبوونی نینۆکەکانت، چونکە رەنگە پێکهاتەی بۆیەکە هۆکارێك بێت بۆ بێهێزکردنی نینۆکەکانت.





# چۆن پارێزگاری لە پێستی رووخسارت دەکەیت؟

پاکراگرتنی پێستی رووخسار، یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی پەرەپێدان بە جوانیت، دەتوانیت لە رێگای پاراستنی رووخسارت، جوانییشت بپارێزیت، بە تایبەت لە وەرزی گەرما کە پێست زیاتر تووشی کێشە و گرفتەکان دەبێتەوە، بەم چەشنە دەتوانیت لە رێگەی هەنگاوەکانی گرنگیدان بە رووخساری پێستت، رووخسارێکی ناوازە و ناسکت هەبێت:

- یەکەم، بەکارهێنانی هەنگوین:

ئەم رێگەیە پێویست بە تەڕکردنی دەم و چاوەکە ناکات لە پێش بەکارهێنانی و جیاوازە لە زۆرینەی ماسکەکان کە بۆ پاککردنەوەی دەم وچاو بەکاردێن و لە هەنگوین دروستکراون، ئەگەر دەتەوێت ئەنجامێکی زۆر کاریگەر بەدەستبێنیت ئەوا هەڵبژاردنی هەنگوینێکی خەست زۆر باش دەبێت بۆ ئەم مەبەستە، ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەرێت ئەوەیە، کە رێژەیەکی کەم لە هەنگوینەکە بخرێتە سەر پەنجەکانو بە هێواشی مەساجی ئەو شوێنانەی پێبکرێت کە زیپکە سەر رەشەکانی لێیە باشترە بۆ ماوەی چەند خولەکێك ئەم کارە بەردەوام بێت.

- دووەم، بەکارهێنانی سپێنەی هێلکە:

پێویستە دەموچاو بشۆرێت و بە خاولییەکی پاك و بە جوانی وشك بکرێتەوە، پاشان سپێنەی هێلکەکە لە پێستی رووخسار بدرێت و بۆ ماوەی (١٥) خولەك وازی لێبهێنرێت تا بە تەواوی وشك ببێتەوەو لە پاشان بە ئاو بشۆردرێت.

- سێیەم، بەکارهێنانی لیمۆ:

ئەگەر رێگەکانی پێشوو کاریگەرییان نەبوو، دەتوانی ئەو رێگەیە تاقی بکەیتەوە و ئاوی لیمۆی سروشتی بهێنرێت و لەگەڵ فڵچەیەکی ماکیاژ یان ددان کە بەکارنەهێنرابێت، فڵچەکەی تێدا هەڵبکێشرێت و بدرێت لە شوێنی زیپکە سەر رەشەکان، پێویستە ئاراستەی جووڵانی فڵچەکە بەشێوەیەکی بازنەیی و لەسەرخۆ و بەهێواشی بێت، ئەو هەنگاوەنەش هەفتەی جارێك دەکرێت و ئینجا ئەنجامەکانی دەزانی چەندە پێستت جوان و سەرنجڕاکێش دەکەن.

# شەمەندەفەڕی هەلۆ کیتی

ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێت، ئاخۆ چۆن ئەو پرۆژە سەیرانە لە وڵاتانی جیهان دروست دەکرێن، کە هەندێکیان جێگەی گاڵتەجاڕی و سەمەرەن، ئەو پرۆژەیە لەژێر ناوی (شەمەندەفەری هەلۆ کیتی) بنیاد نراوە، کە تایبەتە بەوانەی حەز بە کەسایەتی کارتۆنی (کیتی) دەکەن، ئەو شەمەندەفەرە لە ڕەنگی پەمەیی و نەخشێنراو بە نەخش و ڕەنگەکانی زنجیرە کارتۆنی ژاپۆنی، هەلۆ کیتە، کۆمپانیای ئاسنین لە ڕۆژئاوای ژاپۆن سەرپەرشتی ئەو پرۆژەیە دەکات، ئەوانەی سەر ئەو شەمەندەفەرە دەکەون، ئەو کەسانەن کە حەز بە فیلمە کارتۆنییەکە دەکەن، هەستێکی منداڵانە و ناسکیان پێدەبەخشێت. ئەو پرۆژەیە لەساڵی (٢٠٢٥) لە تەواوی ئەو وڵاتە جێگیر دەکرێت کە لە شاری (ئۆساکا) دەست پێدەکات و تا سنوورەکانی ئەو وڵاتە بەردەوام دەبێت و بە هەموو شوێنێکی وڵاتەکە دەگات.




# ناوچە چۆڵکراوە دڵڕفێنەکان




کێشەی نیشتەجێبوون لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت و تەنانەت لە هەندێ شوێنە گشتی و قەرەباڵغەکاندا، نرخی مەترێك زەوی دەگاتە دەفتەرێك دۆلار، هەندێ شوێنی دیکەش پێچەوانەی ئەو شوێنە قەرەباڵغانە، ئەو دوو شوێنە بە ناوچەی چۆڵکراو بەناوبانگن، کە هەر یەکە لە (هانێس و هیلستیارت)ە و دەکەونە سنووری نێوان وڵاتی ئەڵمانیا و پۆڵەندا، ئەو ناوچەیە بەهۆی دووری لە شارە گەورەکانی ئەو دوو وڵاتە چۆڵ کروان، کە پێکهاتووە لە (١٠) باڵەخانە و دەکەونە سەر لێواری دەریا، لەو شوێنانە جێگەی (٢٠) هەزار کەس دەبێتەوە، هەر ژوورێکی (٥ بە ٣) مەترە، ئەو ناوچەیە بە ناوچەی گەشتیاری (پرۆرا) ناسراوە و لە ساڵی (١٩٤٥) و لەلایەن هیتلەر بڕیاری دروستکردنی بۆ دراوە، دواتر لە ساڵی (٢٠١٤) دوای نۆژەنکردنەوە کەچی خەڵکی ئەو شوێنە بەرە بەرە ناوچەکە چۆڵ دەکەن و لەو شوێنە دڵڕەفێنە دوور دەکەونەوە.



# دایک و کوڕە سەرنجڕاکێشەکە


ئەگەر لە شوێنە گشتییەکان ببینرێن، وادەزانن کە خۆشەویست و هاوڕێن، کەچی لە ڕاستیدا ئەو کوڕە گەنجە و ئەو ئافرەتە ناسکە، دایك و کوڕن، ئەو دووانە بە جوانترین دووانەی دایك و کوڕ دەناسرێن، (کسای یۆکسان) تەمەنی (٢٢) ساڵە، و دایکەکەشی بە ناوی (لاویۆ یەلین)ی (٣٩) ساڵە، ئەو دایك و کوڕە شێوەیان ورد و بچووکە، چ لە لەش و لار و ڕووخسار، زۆرجار لە شوێنە گشتییەکان جووڵە و کاری وادەکەن، کە هەرگیز بڕوا ناکرێت دایك و کوڕ بن، وەك لە وێنەکاندا دیارە کە کوڕەکە دایکەکەی لە باوەش کردووە و بەیەکەوە وێنەیان گرتووە، بەم چەشنە سەرنجی هەموان ڕادەکێشن و خەڵکیش لەگەڵیان وێنەی یادگاری دەگرن، خۆشەویستیی ئەو دووانەش لەوکاتەوە سەریهەڵداوە کە باوکی کوڕەکە و هاوسەری ئافرەتەکە ئەوانی جێهێشتووە.

# بە تراکتۆر دەچن بۆ مۆندیال



لە مۆندیالی تۆپی پێی ئەمساڵ کە لە وڵاتی ڕووسیا ئەنجام دەدرێت، چەندین حاڵەتی سەیر و سەمەرە لە پێشبڕکێیەکان بینراوە و هەندێکیان جێگەی سەرنجی هەموونن، وەك ئەو (٣) هاووڵاتییە سویسرییەی کە بۆ بینینی یاری هەڵبژاردەی وڵاتەیان، بۆ ماوەی (١٢) ڕۆژ تراکتۆرێکیان بە کرێ گرتووە تا لە وڵاتەکەیانەوە بەرەو شاری (کالینگراد)ی ڕووسی بچن، ئەوەی سەیرە لە گەشتەکەیاندا توانییان بڕە پارەیەکی زۆر کۆبکەنەوە، ئەو گەشتە بە سەرپەرشتیی (جۆزێف ڤیار)ە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك هاندەری وڵاتی ئینگلتەرا، بە کەشتییەکی بچووکەوە توانییان تەواوی ئاوەکانی نێوان بەریتانیا و ڕووسیا ببڕن تا لە یارییەکانی مۆندیال بێبەش نەبن، تراکتۆرەکە بیرۆکەی کەسێك بەناوی (پیت شتۆدەر)ە، کە خاوەنی تراکتۆرکەشە، دوای وەرگرتنی مۆڵەت توانییان لە سویسراوە بگەن بە وڵاتی ڕووسیای مۆندیال لە ئامێزگرتوو.





## فێڵكاریی وێنە

لـەم وێنەیـەدا كەسـێك لـە تەنیشـت دارێـك وەسـتاوە، كەچـی وێنـەی دواوەی سـەراوژێرە، لـەم ڕووەوە تێبینـی بكـە و هەوڵبـدە ڕاسـت و دروسـتیی وێنەكـە بزانیـت.





## جیاوازیی وێنە

- لـەم دوو وێنەیـە چەنـد جیاوازییـەك هەیـە بیانـدۆزەوە !

## یەكەمین مرۆڤ

لـە كێبركێیەكـی سـەیر و نـاوازەدا، بـۆ چوونـە نێـو دەرگای گڕكانـی زەوی كـە دەكەوێتـە شـاری (ئیشـق ئابـاد) لـە باكـووری توركمانسـتان، ئـەو شـوێنەی كـە نـاوی (ئـارال كاراكـۆم)ە و بـە دەرگای دۆزەخ دەناسـرێت، لـە سەركێشـییەكدا كەسـێك بەنـاوی (جۆرج كۆرۆنیس)، ئامێرێكی هەناسـەی هەڵگرتـووە و لەگـەڵ جلێكـی دژە ئاگـر و بـەرەو نزیكتریـن خاڵـی





## پەند و وتە

جـۆرج دینیـس پاتریـك كارلیـن، ئەكتـەری كۆمێـدی ئەمریكـی و نووسـەر، سـاڵی (١٩٣٧) لـە شـاری مانهاتـن لـە ئەمریـكا لـە دایكبـووە، لـە سـاڵی (٢٠٠٨) كۆچـی دوایـی كـردووە، دەربـارەی خوێندنـەوە دەڵـێ: تەنیا منداڵەكانتـان فێـرە خوێندنـەوە مەكـەن، بەڵكـو وایـان لێبكـەن پرسـیار و گوزەشـتەیان بـۆ دروسـت بێـت، كاتێـك دەخوێننـەوە، فێریـان بكـەن كـە هەمـوو شـتێك جێگـەی پرسـیار و تاقیكردنـەوە بێـت.

## بۆ زان

### هێماكانی ناو داشبۆردی ئۆتۆمبێل بناسە (٤)

**هێماكانـی سـەر داشـبۆردی ئۆتۆمبێـل زۆرن، هەندێكیان زۆر سـادە و سـاكارن كـە پێویسـت بـە ڕوونكردنـەوە نـاكات، بـۆ نموونـە گڵۆپی ئیشـارەت یـان بەنزین، بـەڵام زۆر هێمای دی هـەن كـە ماناكانیـان نازانیـن، لە بەشـی یەكـەم و دووەم و سـێیەم چەند زانیاریمان خستەڕوو، لەم بەشەشدا زۆربەی ئـەو هێمایانـە دەخەینـەڕوو كـە ئامـاژە بە بوونـی هەڵەیەك لـە ئۆتۆمبێلەكـەت دەكـەن، بزانە هەر هێمایـەك ئاماژە بە چی دەدات:**

٣٠- بیرهێنـەرەوەی پشـتێندی سـەلامەتی: پشـتێنەی سەلامەتی ببەستە.

٣١- هاند برێك یان ستۆپ: واتە هاندبرێك كار دەكات، بەڵام ئەگـەر كاتێـك هاندبرێك دانرابوویەوە و ئـەم هێمایە هەرپێ بوو، ئەوە ئاماژەیە بۆ كەمیی ڕۆنی هاندبرێك، یان ڕۆنی ئیستۆپ، یان بانسەكان تەنك بوون، یاخود كێشەیەك لە سیستەمی ستۆپ هەیە.

٣٢- ئاگاداریـی پاتـری: كێشـە لـە پاتـری، یـان بارگاویكردنەوەی هەیە.

٣٣- یارمەرتیدەری پارككردن (حەساس).

٣٤- ئۆتۆمبێـل پێویسـتی بـە خزمەتگوزاریـە. لـە هەندێـك ئۆتۆمبێـل دەنووسـرێت: MAINT REQD واتـە خزمەتگوزاری پێویستە و ئۆتۆمبێلەكەت پێویستی بە پشكنین

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەمـوو كارەكانـت لـە ماوەیەكـدا جێبەجـێ مەكـە، چونكـە تووشـی ئاڵـۆزی و سەرلێشـێوازی دەبیتـەوە، چاكتـرە یەكـە بـە یەكەیـان بـەرێ بكـەی، ئەوەنـدە بیـر لـە كەسـێك مەكـەوە كـە ئـەو گرنگیـت پێـت نـادات، ئاواتێـك لـە دڵتـە، لـەم ماوەیـە بـۆت دەبێـت، ڕێگـەی داهاتـووش خـۆش و بەختـەوەرە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

كاتێـك هەسـت بـە ئـازاری كەسـی دیكـە ناكەیـت، نابـێ گلەیـی لێـی بكـەی كـە لێتـەوە دوورە، ئـەو كەسـەی لـە دڵتـە ماوەیەكـە كێشـەتان بـۆ دروسـت بـووە، بڕیارەكانـت قورسـە و بـەر لـەوەی جێبەجێیـان بكەیـت، پێویسـتە بیـری لێـی بكەیتـەوە، دڵـت كـراوە بـێ و ژیرانـە بیـر بكـەوە.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

شـێوازی ڕەفتـارت گـۆڕانكاری بەسـەردا هاتـووە، چەنـد كەسـێكی نزیكـت دەیانـەوێ ڕێگـەی داهاتـووت بـۆ بدۆزنـەوە. بچـۆرە نـاو كاروبـاری خۆتـەوە، كەسـێكیش دەیـەوێ لێـت نزیـك ببێتـەوە. هەمیشـە بیـر لـە داهاتـووت بكـەوە و ڕێگـەی كەسـانێك مـەدە كـە لـە هەسـت و دڵـت تێناگـەن.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماوەیەكـە خەریكـە كۆنترۆڵـت لـە دەسـت دەدەیـت و لـە ئامانجەكانـت دوور دەكەویتـەوە، بـە وریایـی چاودێـری دەوروبـەرت بكـە و ئـەو كاتـە گونجـاوە تـا كارەكانـت جێبەجـێ بكەیـت. لـە داهاتـووت مەترسـە، لـەم گرفتـەی ئێسـتات پێویسـتت بـە ڕاوێـژی كەسـێكی نزیكـە تـا بـۆت چارەسـەر بـكات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەنگاوەكانـت پاشەكشـەیان كـردووە، بەتایبـەت لـەو ئەركانـەی پێـت دەسـپێردرێن، ماوەیەكـە زۆر بیـر لـە كەسـێك دەكەیتـەوە، ئەوەنـدە بـە قووڵـی لـە كێشـەكان مەڕوانـە و بڕیـاری خـۆت بـدە، هەسـت بـە دڵتەنگـی دەكەیـت و ئـەوەش كاتییـە و لـەم ماوەیـە نامێنێـت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هـۆكاری زۆر هـەن كـە وات لـێ بكـەن پەشـیمان ببیتـەوە لـەو هەنگاوانـەی لـەم ماوەیـە بـۆ ئـەو كەسـەت نـاوە، چونكـە گرنگـی بـە كارەكانـت نـادات و دەیوسـت كۆنترۆڵـت بـكات، بیركردنـەوە لـە ڕابـردوو چ سـوودێكی نییـە بـۆت و دەبـێ كارەكانـی ئێسـتا و داهاتـووت ڕێـك بكەیـت و هەنگاویـان بـۆ بهاوێـژی



## دەچێتە دۆزەخ


نێو ئاگری گڕکانەکە دەچێت، بەپێی کێبڕکێیەکە جۆرج توانی بە ڕێگەی گوریسێکی دژە ئاگرەوە بەسەر دەمی دۆزەخ بپەڕێتەوە و بچێتە لای گڕکانە گەورەکە، ئەو کارەش بۆ وەرگرتنی نموونەی جۆری گڕکانەکە و هەروەها زانینی پلەی گەرمی نێو دەرگای گڕکانی دۆزەخ بووە.



## وێنەکێشان لەسەر مۆز

وێنەکێشان مەرج نییە تەنیا لەسەر کانڤاس و لاپەڕە ڕەنگینەکانی وێنە بن، بەڵکو دەکرێت لەسەر دار و بار و میوە و سەوزەش بنەخشێنرێت، ئەوەیە راو و بۆچوونی ئەو هونەرمەندە هۆڵەندییەی بە ناوی (ستیڤن بروش)، کە نەوەك تەنیا حەز بە مۆز خواردن دەکات، بەڵکو هەر مۆزێك بکەوێتە ژێر دەستی، بەبێی وێنەکێشان لەسەری تێپەڕی نابێت، تا ئێستا نزیکەی (٨٥) وێنەی جۆراوجۆری لەسەر (٨٥) مۆز نەخشاندووە، وێنەکانیش بریتیین لە وێنەی کەسایەتی و ناودارانی جیهان، یان ئەوانەی ئەمرۆ بەناوبانگن و جێگەیان لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دیارە و بەرچاوە.





## کاریکاتێر


کارێکاتێرێکە باس لە چوونە نێو تەمەنەوە دەکات، ئەوانەی تەمەنیان هەیەك هەمیشە حەز دەکەن بچووك بن و گەورە نەبن، وەك ئەوەی ئافرەتێکی پیر سێبەری خۆی بە گەنجێتی و منداڵی دێتە بەرچاو.



## نوکتە

یەکێك لەسەر ستوونێك گیری خواردبوو، نەیدەزانی چۆن بێتە خوارەوە و هاواری بۆ خەڵك دەکرد، کەسێکی دیکە لەو لاوە هات و پەتێکی درێژی بۆ هەڵدا و پێی گوت: خۆت بەو پەتە بگرە، راتدەکێشم! گوتیان ئەوە چۆن دەبێ؟ گوتی: دەیان کەسی وام لە ناو بیردا دەرهێناوە!

## ـــــیاریت



و خزمەتگوزاری هەیە، زۆربەی کات ئەم هێمایە بە هۆی پیسبوونی ڕۆنی مەکینە هەڵ دەبێت.

٣٥ - لایت گونجاندن: واتە ڕێکخستنی ڕووناکی وەك بەرز و نزم کردنی یان سوڕاندنی لەگەڵ سووڕاندنی سوکان.

٣٦ – گڵۆپی برێک، کاتێ پێ دەبێت کە برێکی دەستییت دانەدابێتەوە.

٣٧- باڵی پشتەوە کراوەتەوە.

٣٨- ئەم گڵۆپە هەڵ دەبێت لەکاتی کردنەوە، یان داخستنی سەقفی ئۆتۆبێل، یان بەتەواوەتی دانەخرانی، یان کرانەوەی. کاتێك سەقف بە تەواوەتی داخرابێت، یان کرابێتەوە، ئەم گڵۆپەش دەکوژێتەوە.

٣٩- باڵۆنی هەوایی ( Airbag): کێشە لە باڵۆنی هەوایی هەیە یان کوژاندراوەتەوە. لەکاتی پێکدادان پاڵۆنەکان ناتەقن و لەوانەیە ببێتە هۆی مردن.

٤٠- هاند برێك یان ستۆپ : واتە هاندبرێك کار دەکات.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بڕیارەکانت پێویستییان بە بیرکردنەوە هەیە، لە خۆتەوە کارێك مەکە کە شارەزاییت تێدا نییە، ئەو هەڵەیەی رابردووت وانەیەکە تا دووبارەی نەکەیتەوە، نهێنی کەسانی دیکە بپارێزە و لە هەستەکانیان بگە، داهاتووی کارەکانت بەرەو باشی دەچێت و لە دڵەوە کەسێکی هەست ناسکی، بەڵام لە ڕووخسارەوە پێتەوە دیار نییە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

پێشبینی ئەنجامی کارەکانت مەکە بەر لەوەی دەست بە هەنگاوەکانت بکەیت، چونکە وا هەست دەکەیت هەنگاوەکانت داهاتوویان دیار نییە، باشترە چاوەڕێ بکەیت و سەبرت هەبێت، کاروباری ژیانت ئاڵۆزە و دەبێ ڕێکیان بکەیتەوە، لە بواری هەستەوە لە داهاتوود لە کەسێك نزیك دەبیتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بە مەزەندەی خۆت داهاتووت بەرەو خراپی و شپرزەیی دەچێ، بەڵام لەوە هەڵەیت، چونکە بەرەو ساتە بەختێکی باش ڕێگە دەگری، پێویستە هەنگاوەکانت لەلایەن خۆتەوە دەست پێبکات و ڕێگەی کەس مەدە یاری بە هەستت بکات، کەسێك دەیەوێ لە دڵت نزیك بێتەوە و گونجاویش نییە بۆت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بیرۆکەی ئەو کارەی ئێستات بۆ ئەو کەسەی لە خەیاڵتە سەرکەوتوو دەبێت و دەبێتە جێگەی خۆشحاڵیی کەسی بەرامبەرت، زیرەك بە لە مامەڵەکردنت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر. هەستەکانت ناسکەو پێویستە کەسێك هەبێ لێیان تێبگات، چونکە هەندێ جار سەر لە خۆت دەشێوێنیت و لە هەستەکانی خۆشت ناگەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ماوەیەکە دەتەوێ بڕیارێکی گرنگی ژیانت بدەیت، بەڵام دوودڵی و نازانی چۆن جێبەجێی بکەیت، باشترە بیر بکەوە و بزانە ئەو بڕیارە داهاتووی چ دەبێت، کەسێکی ژیر و لێهاتووی، بەڵام هەست دەکەیت بەختت نییە و ڕێگاکانت لێ گیراوە، پێویستیت بە هەوڵدانە تا بە ئامانجەکانت بگەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەندێ لەو کارانەی کردووتە، بۆتە جێگەی پەشیمانیت، چونکە کەسی بەرامبەرت بە گرنگی لە هەست و سۆزت ناڕوانێت، باشترە ماوەیەك لێی دوور بکەویتەوە و ڕێگەی نەدەی ئەوەندە دەست لە کاروبارت وەربدات، کاتێکی خۆشی و بەختەوەری لە ڕێگەیە، بیر لە کێشەکانی پێشوو مەکەوە.